# گەر سەنگەر بگوێزیتەوە بۆ لامان دەتکەینە سکرتێر



گۆران هەڵەبجەیی
halabja@ofir.dk

سەنگەر گواستنەوە لەنێو کایەی حیزبایەتیدا شتێک نیە تەنها تایبەت بێت بە کورد،بەڵکو دیاردەیەکی جیهانیەو لەزۆر وڵاتانی جیهانی ڕوودەدات، تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا ڕوودەدات..لێ ئەوەی ئێمەی کورد لەوڵاتە جیادەکاتەوە ، هۆکارو مەبەست و ئەنجامی سەنگەر گواستنەوەکەیە.

شاراوە نیە زۆربەی ئەوانەی لەکن ئێمە سەنگەر دەگوازنەوە هیچ پەیوەندیەکی بە لەدەستدانی متمانەی حیزبی و ئایدۆلۆجیاو فەلسەفەو ڕێبازی سیاسیەوە نیە.، بەڵکو لە زۆرترین حاڵەتدا پەیوەندی بە بەرژەوەندی ماددی وپلەی حیزبی و پەیوەندی خزمایەتی یا ناسیاوی و هەندێک شتی ترەوە هەیە.

بۆ جەختکردنی بۆچوونەکەشم ڕێژەی سەنگەر گواستنەوە لە نێوان شاخ و شاردا دەکەمە نمونە.

لەسەردەمی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیدا قەناعەتی حیزبی و ڕێباز و ئایدۆلۆجیا هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هەواری حیزب گواستنەوە،ئەوانەی کە دەچوونە کن حیزبێکی دیکە لەزۆر حاڵەتدا بەهۆی لەدەستدانی متمانەو بڕوا بووە بە سیاسەت وهزری حیزبی یەکەم ، بەدەگمەن ڕوویداوە جارێکی دیکە گەڕابنەوە بۆلای حیزبەکەی پێشوو.

هاوکات ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەشاخ سەنگەریان لەحیزبێکەوەبۆ حیزبێکی دیکە گواستووەتەوە گەر بەراوردیان بکەین بە دوای ڕاپەڕین و جێگیر بوون لە شاردا دەبینین زۆر کەمترە.

چونکە ئەو دەسکەوتە مادیانەی ئەمڕۆ بۆ سیاسیەکان ڕەخساوە لەشاخدا خەویشیان پێوە نەبینیوە.

حیزبایەتی لەکن ئیمە لەدوای ڕاپەڕینەوە تارێژەیەکی زۆر بووە بە کاسپی و مەبدەئیش بووەتە کاڵا ،لەکوێ مەبدەئەکە زیاتر پارەی کردبێت لەوی هەڕاجکراوە.

بەهۆی بوونی دەسەڵات و پارەو پۆست لە کن دووحیزبە زلهێزەکە شتێکی سرووستیە کە سەنگەر گواستنەوەکە بەرەو لای ئەوان ڕووبدات،ئیدی لەوێ حیزب و بیروباوەڕ کراوەتە قوربانی برێک معاش وپۆستێکی حیزبی یا ئیداری.لەسەردەمێکدا ئەو دووحیزبە بوونە ماسیە گەورەکە و زۆرێک لە لە ماسیە بچوکەکانیان هەڵلووشی، چ بەشێوەی تاک چ بەشیوەی کۆمەڵ

{واتە هەموو کیانی حیزبەکە}.سەنگەر گواستنەوە تەنها لە حیزبە بچوکەکانەوە نەبووە بۆ مەزنەکان ،بەڵکو زۆر جار لە نێوان ئەو دوو حیزبەشدا ڕوویداوە و ئەندامانی یەکتریان کڕیوە وناویان لێناوە سەنگەر گواستنەوە.زۆر جار فاکتەری ئەوسەنگەر گواستنەوە لەدەستدانی بڕێک پلەو پایەی حیزبی یا ئیداری بووە.

وێرای ئەمانە کەم تازۆر لەنێوان حیزبە گچکەکانیشدا سەنگەر گواستنەوە هەبووە،کەهۆکاری ئەمەش دیسان مەسەلەی مادی بووە.

گەر سەنگەر گواستنەوە لەمەڕ خۆمان بەم چەشنەبێت ، بابزانین لەو ولاتانەی نرخ و بەهای حیزبایەییان لاپیرۆزە چۆنە؟

وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پیدا حیزب گۆڕین یا بە جوانکاریەکەی لای خۆمان سەنگەر گواستنەوە لەهەر وڵاتێک حیزب وسیاسەت هەبیت ڕوودانی سرووشتیە .لێ هۆکارەکانی لە ژینگەیەکەوەبۆ ژینگەیەک جیاوزی هەیە.

بەهۆی بوونم لە دانمارک بۆ چەندین ساڵە ،تاڕادەیەک جۆرە شارەزاییەکم لە ژیانی حیزبایەتی ئەم وڵاتە پەیداکردووە، بۆیە بەچاکی دەزانم کە ئەم وڵاتە بکەمە نمونە سەبارەت بە سەنگەر گواستنەوەی حیزبی ،کە هاوکات نمونەیەک دبێت بۆ هەموو وڵاتانی ئەورووپی.

دیارە حیزب گۆڕین لەنێو ئەندامانی حیزبەکانی دانمارکدا لە ئاستی خوارەوەو سەرەوەدا ڕوودەدات،واتە لەسەرئاستی سەرکردایەتی و ئەندامانی سادەدا هەیە،لێ ئەوەی گرنگە و لێرە زۆر بە هەند وەری دەگرن سەنگەر گۆرینی ئەندامە مەزنەکانە.

وەک لەسەرەتا ئاماژەم پێدا هۆکارو پێوەرەکانی سەنگەر گواستنەوە لێرە تەواو بەپێچەوانەی لای خۆمانەوەیە.هەرچی بەرژەوەندی ماددی و دەسەڵات و پۆست هەیە هیچ ڕۆڵێکی لەمەدا نیە، لێرە سەنگەر گواستنەوە لە نێو هەمان ڕێبازو ئایدۆلۆژیاو کایە فیکریەکاندا ڕوودەدات،واتە گەر کەسەکە چەپبوو ئەوا دەچێتە حیزبێکی هاوڕێبازو هاو شێوە.گەر کەسێکی ڕاسترەو یا گۆنزەرڤەتیڤ بوو ئەوا لە هەمان بازنەی فیکریدا حیزبێک دەدۆزێتەوە.

کەواتە وەک لای خۆمان نیە لەمپەڕی چەپەوە بازدەدات بۆئەوپەڕی ڕاست،یا لە حیزبێکی عەلمانیەوە بۆ حیزبیکی ئاینی.

هەروەها مەرج نیە سەنگەر گواستنەوەکە هەردەم لە حیزبیکی بچوکەوەبوو بیت بۆحیزبێکی گەورە، بەڵکو روویداوە لە گەورەوە بۆ بجوک یا لە بجوکەوە بۆ بچوک،چونکە لەم ولاتانە حیزبە بچوکەکان سەنگی خۆیان هەیەو زۆر جار رۆڵی کاریگەرو یەکلاکەرەوە لەکابینە حکومیەکاندا دەبینن.

فاکتەری سەنگەر گواستنەوەزۆرجار مەسەلەی لەنگ بوونی قەناعەت ومتمانە بە سیاسەتی نوێی حیزبەکەی ،یا بەهۆی پاشگەزبوونەوە و دواکەوتن لە بەجێهێنانی بەڵێنەکان بووە .

یاخود بەهۆی ناکۆکی و پێکنەگەشتن لە گەڵ کەسی سکرتێر یا چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی لەمەر هەندێک مەسەلەی گرنگ و هەستیار.

دەمێک ئەندام حیزبیک لە ئاستێکی بەرزدا چووبێتە نێو حیزبیکی دیکەوە،نەکراوەتە ناپاک و ڕووخاو دەرکراو وچەندین ناتۆرەی بۆ هەڵنەبەستراوە وەک لای خۆمان باوە،بەڵکو زۆر بە هێمنانەو شارستانیانە مەسەلەکەیان وەرگرتووە و ئومێدی سەرکەوتنیان لە حیزبە نوێکەیدا بۆ خواستوە.

لەم دەپانزەساڵەی دوایدا بێگانە و بەتایبەتیش ڕۆژهەلاتی چالاکانە ئامێتەی ژیان و ڕەوشی سیاسی ئەم ولاتانە بوون و هەندیک لەوانە توانیان بگەنە کۆمیتەی باڵای حیزبی و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و پەرلەمانەکانیش.

لەدانیمارک کەسانی سەربە نەتەوەکانی کوردو تورک و فارس و عەرەب لەڕێگەی حیزبەکانیانەوە توانیویانە بگەن بە هەندێک لەو پۆستانەی پێشتر ئاماژەم پێدان،

لێ یەکێک لەو بێگانانەی کەچالاک و سەرکەوتوەو بەردەوام تیشکی میدیاکانی لەسەرەو گەشتووەتە ئاستێکی بەرزی حیزبی و حکومی ناسر قادرە.

ئەم کەسە باوکی فەلەستینیەو دایکیشی سوریە لەدایک بووی سوریایە لەتەمەنی زاڕۆکیەوە لەدانیمارک دەژی.هەرلێرەش خوێندنی زانکۆ کۆلیژی ئابووری تەواو کردووە،لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تێکەڵاوی سیاسەت بووە.نووسەرێکی بەتوانایەو تائێستا شەش کتێبی لەسەرژیانی خوی وبێگانە لەدانیمارک وهەندێ بابەتی دیکە بەجاپ گەیاندوە.کتێبەکانی خوێنەرێکی زۆریان هەیە بەردەوام لە ڕۆژنامەکانیشدادەنووسێت .کەسێکی عەلمانی و واقع بین ومرۆڤ دۆستە. دژی کردەوە ناشارستانی و ناشیاوەکانی بێگانەیە بەتایبەتی هەندێک گرووپی عەرەب وئیسلامی کە زۆرجار بە زیان بۆخۆیان گەڕاوەتەوە،بەراشکاوانە لە میدیاکانەوە ڕەخنەی توندی لێگرتون.هەربۆیەش چەندین جار لەلایەن ئەو گرووپانەوە هەرەشەی کوشتنی لێکراوە.سالی پار لەگەل هەندێک کەسانی ڕۆژهەڵاتی هاوبۆچوونی خۆی ڕێکخراویکیان پێکهێنا بەنێوی ئیسلامە دیموکراتخوازەکان،مەبەستیس لەمە دوورخستنەوەی گەنجە ئیسلامەکانە لە توونرەوی وکاریگەری گرووپە توندرەوەکان لەسەریان.

ئەم مرۆڤە ئێستا لە کۆنسەی سەرکردایەتی پارتی چەپی ڕادیکاڵە هاوکات ئەندام پەرلەمانە لەهەمان پارت.پارتەکەی بەردەوام لە هەڵکشاندایە چەند ساڵێک لەمەوبەر 9ئەندامیان لەپەرلەمان هەبوو لەهەڵبژاردنەکانی 2005 گەیاندیانە 17 ئەندام.

ناسرقادر کەسێکی جالاکە لە پارتەکەیدا، دەنکۆی ئەوەش هەیە ببێتە بەرپرسی یەکەمی پارتەکەی،دوای ئەگەری لەدەستکشانەوەی سەرۆکی پارتەکە [ماریانە یەلڤس] بەهۆی تەمەنەوە.

وەک میدیاکان باسی لێدەکەن هەندێک کێشە لەسەر هەندێک مەسەلەلەنێو سەرکردایەتی پارتەکەدا سەری هەڵداوە ،ئەو کێشانەش ناسری نیگەران کردووە،تەنانەت دەنگۆ گەشتە ئەوەی کە پێدەچیت ناسر پارتەکەی جێبهێڵێت .بەڵام تا ئێستا ئەو هەواڵە لەلایەن ناسر خۆیەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

هەربۆیەش دوای بڵاو بونەوی ئەم هەواڵە  لەمیدیاکاندا پارتی سەنتراڵ دیموکراتەکان ئەم هەلەی قۆستەوەو  لە زمانی فۆرمانەکەیانەوە [بیارنە موولەهۆی] بەخێرهاتنی ناسری کرد بۆ نێو پارتەکەیان،نەک وەک ئەندامیکی سادە بەڵکو وەک سەرۆکی پارتەکە یا فۆرمان.
بیارنە بە رۆژنامەکانی ڕاگەیاند کە من ئامادەم پۆستەکەم بدەمە ناسر گەر بێتە لامان ،ئەم بانگهێشتەشی بۆئەوەگەراندەوە کە ناسر خاوەن شەعبیتیەکی باشە لەدانیمارک سیاسیەکی بەتواناو بەئەزموونە ،هاتنی بۆلامان کاریگەریەکی چاکی دەبیت لەسەر پارتەکەمان و لەوانەیە 20 مەنداتمان بۆ مەیسەر بکات .لەکۆتایداگووتی هیوادارم ناسر داخوازیەکەمان فەراهەم بکات.



تێفکرێن سەرۆکی پارتێک لە بۆ بەرژەوەندی پارتەکەی ئامادەیە واز لەپۆستەکەی خۆی بهێنێت بۆکەسێک لە دەرەوەی پارتەکەیان.* بائەم هەڵوێستە لەگەڵ سیاسیەکانی خۆمان  بەراورد بکەین  دەردەکەوێت کە چۆن خاوەن پۆستە حیزبیەکانی لەمەڕ خۆمان لە سکرتێرەوە
تادەگاتە گچکەترین پۆستی حیزبی ،نەک هەر بۆ بەرژەوەندی حیزب بەڵکو گەر سەری حیزبەکەشی بەقووڕدا بەرێت وتووشی قیرانی بکات و نیشتمانیش بەرەو نسکۆو هەڵدێر بەرێت ئامادە نیە دەستبەرداری پۆستەکەی ببێت.
زۆری نەبرد ناسر بەرسیڤی سەنتراڵ دەموکراتەکانی دایەوە، گووتی{ سوپاس بۆ پێشنیازەکەتان لی من بەنیازنیم پارتەکەم بەجیبهێڵم ،ئەز 22 ساڵە رادیکاڵم هەر بەڕادیکاڵێش دەمێنمەوە ،زۆریش خوازیاری سەرۆکی نیم،هاوکات هیچ زانیاریەکم لەبارەی  ڕێبازو سیاسەتیانەوە نیە.هەروەها لەکن خۆشمان هەوڵی سەرۆکیم نیەو بەم سەرۆکەی ئێستا ڕازیم ،هەر بە سەرۆکایەتی ئەویش بەرەو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو دەچین.

*سەرۆکی پارتی سۆشیالستی گەل {هۆڵگە نیلسن50ساڵ} کەتەنها دوو دەورەی هەڵبژاردنی پەرلەمان سەرۆکی حیزبەکەیان بوو ،پاش هەڵبژاردنەکانی 2005  پارتەکەیان دەنگی کەمی هێناو بەمەش چەندین کورسیان لەدەست دا ،هەر دوابەدوای هەڵبژاردنەکان وەک کەسی یەکەمی پارتەکەیان دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە،بەشێکی گەورەی شکستیەکەشی خستە ئەستۆی خۆی.